**راوێژكاری ئابووری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان :**

## بازاری ئازاد بە مانای ئەوە نییە كە فرۆشیار بە پێی قەناعەتی خۆی نرخەكان بەرزبكاتەوە و هیچ چاودێری و لێكۆڵینەوەیەكی لەسەر نەبێت



**دیمانە: سالار بابەشێخ**

**دوای ئەوەی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی (1/11) لە هۆڵی كۆنگرەی هۆتێل شیراتۆن, كۆنفرانسێكی رۆژنامەنووسی هاوبەش بۆ "عەبدوڵلا ئەحمەد عەبدولكەریم" راوێژكاری ئابووری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەرێوەبەری گشتی بازرگانی و سەرۆكی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر و بۆ "عماد الدين فريد" سەرۆكی كۆمپانیای "رابگه الاعمال" سازكرا، لە پەراوێزی چۆنیەتی و چەندایەتی پێشانگای نێودەوڵەتی كە لە رۆژانی (21-25 /1 ) بۆ ماوەی 5 رۆژ لە هەولێر دەكرێتەوە و هەروەها لەمەڕ چەند پرسێكی دیكە، كوردستان راپۆرت دیمانەیەكی لە گەڵ "عەبدوڵلا ئەحمەد" سەرپەرشتیاری پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر و راوێژكاری ئابووری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان ساز دا كە ئەمە دەقەكەیەتی:**

**⋆ جگە لە پێشانگایەكی "كتێب" و پێشانگایەكی كاڵای ئێرانی تا ئێستە (2) پێشانگای نێودەوڵەتی لە ئەمساڵ و ساڵی رابردوودا لە هەولێر كراوەتەوە،ژمارەی كۆمپانیا بەشدارەكان لەو (2) پێشانگە نێودەوڵەتییە چەند بووە و ئەمساڵ چەندە؟**

**_ یەكەمیان لە نێوان (300 تا 320) كۆمپانیا بەشدارییان تێداكرد، بەڵام ساڵی (2006) زۆربەی كۆمپانیاكانی بەشدار لە پێشانگا لقی كۆمپانیاكەی خۆیان بوون، چونكە كۆمپانیای وا هەیە دەیان كۆمپانیای دیكەی لەخۆگرتووە و بە گروپ كاردەكەت، كە ئەگەر هەموویان بژمێرین، نزیكەی (800) كۆمپانیا بەشداربوون. بۆ ئەم پێشانگایەش تا ئێستا (10) وڵاتی بیانی بەشدارن كە پێكهاتوون لە وڵاتانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیمارات، سوریا، لوبنان، رۆمانیا، توركیا، ئێران، چین و ئینگلترا و نزیكەی (150) كۆمپانیان، جگە لە كۆمپانیاكانی خۆمان.**

**⋆لەدوای كردنەوەی پێشانگەكان، تا ئێستە چ گرێبەست و پرۆتۆكۆلێكی لێكەوتۆتەوە؟**

**_ زۆر گرێبەست كراوە و دەتوانیین بڵێین بەهۆی كردنەوەی ئەو (2) پێشانگایە پەیوەندییەكی بەرچاو دروست بووە لەنێوان كۆمپانیاكانی خۆمان و دەرەوە. بۆ نموونە دوای تەواوبوونی پێشانگەی ساڵی (2006)، بڕی (42) ملیۆن دۆلار گرێبەست ئیمزا كرا و چاوەڕێ بووین نزیكە (500) ملیۆن دۆلار گرێبەست ئیمزا بكرێ لە نێوان كۆمپانیاكانی خۆمان و كۆمپانیاكانی بیانی.**

⋆ کردنەوەی پێشانگەکان لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدان بە ژێرخانی ئابووری و گەشەی بازرگانی بووە، یان هۆکاری سیاسیشی لەپشت بووە کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام و متمانەپێکراو بەرای گشتی بناسێنێ؟

_ کردنەوەی هەر پێشانگەیەك، هەم ئارمانجی سیاسی تێدایە و هەم مەبەستی ئابووری. وەك ئارمانجی ئابووری دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە ڕێگەی کردنەوەی پێشانگاکان، پەیوەندییەکانی "کۆمپانیا و بزنس"ەکانی ناوخۆ لەگەڵ دەرەوە دروست بووە و ئەوەش گەشەی ئابووری و بازرگانی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر لەرووی سیاسیەوە بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆر و پۆزەتیڤی دەبێ، چونکە کەم کەس لە ئاستی دنیادا وای بۆدەچێ بەو هەموو کێشە و قەیرانەی کە لە عێراق هەیە، ئەم جۆرە چالاکیانە لە جێگایەك لە عێراق بکرێن، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە دەڤەرێك هەیە بەناوی کوردستان و توانای چالاکی لەوجۆرەی هەیە و دەکرێ کوردستان بکەین بە دەروازەیەك بۆ هەموو عێراق کە "موستەسمەر"ی بیانی متمانە بە عێراق بکەن و دوور لە شەڕی ناوخۆیی و ئاڵۆزی، بێن لە کوردستان ئەساسێکی وا دابنێن کە گەشەی ئابووری لێبکەوێتەوە بۆ کوردستان و بۆ هەموو عێراق.

⋆ ئاستی سەردانەکانی خەڵکی ناوخۆ بۆ پێشانگاکانی رابردوو چۆن بوو؟

_ لە راستیدا تا ئێستا ئێمە لەوە تێنگەیشتووین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشانگا نێودەوڵەتییەکان بکەین، لە هەموو دنیادا ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ جۆر و پێکهاتەی پێشانگاکە هەیە،سەردانی دەکەن، بۆنموونە پێشانگایەك بۆ عقارات دەکرێتەوە، ئەوانەی کە بە جۆرێك پەیوەندییان بەوە بەرهەمانەوە هەیە سەردانی دەکەن، واتە بزنس و بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکانی پەیوەندیدار سەردانی دەکەن، بەڵام ئەو فکرەیە لەلای ئێمە جارێ دروست نەبووە، خەڵکی ئێمە و هاووڵاتی ئێمە وەکو سوپەرمارکێت سەیری پێشانگا دەکەن، هەرچەندە ئێمە بەوە زۆر خۆشحاڵ دەبین کە خەڵك بە رێژەیەکی زۆر سەردانی پێشانگا دەکەن کە نیشانەی ئەوەیە خەڵك ئەمکارە بە بەلایانەوە گرنگە. بۆ نموونە لە پێشانگای دوو ساڵی رابردوو، نزیکەی (95) هەزار کەس سەردانی پێشانگاکەیان کرد، هەروەها لە ساڵی (2006) سەرەڕای ئەوی کە ئێمە رۆژی یەکەم و دووەمی کردنەوەی پێشانگاکەمان بۆ ئەو کەسانە تەرخان کرد کە بە شێوەی فەرمی کارتمان بۆ ناردن وەك بازرگان و بزنسمان، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك لە ئاستێکی زۆر و نزیکەی (105) هەزار کەس سەردانیان کرد.

⋆ چ خولێکتان بۆ داهێنان و پەروەردەی کادیری پسپۆر لە بواری کاروباری پێشانگای نێودەوڵەتی کردۆتەوە، ئەگەر نەکراوە چ بەرنامەیەکتان لەمبارەیەوە بۆ داهاتوو هەیە؟

- کردنەوەی پێشانگا، جۆرێکە لە زانست و ئەوەش عیلمێکە، ناڵێم ئیمکاناتی ئەوەمان نەبووە، بەڵام جارێ نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە کە بتوانین "تەنسیق"ێکی سەرکەوتوو لەو بوارەدا بکەین، بەڵام بە داهاتوو کاری بۆ دەکەین و کادیری خۆمانی بۆ دابین دەکەین بۆ ئەوەی ئێمەش ئیعتماد بە خۆمان بکەین و بە شێوەیەکی زانستی بەو چالاکییانە هەستین.

⋆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان چۆن لەم پێشانگایەدا بەشداری دەکەن؟

_ هەر پێشانگەیەك بکرێتەوە، سەرەتا ئێمە لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی خۆمان پەیوەندی دەکەین و ئەوانیش زۆر بە هێممەتەوە دێنە پێشەوە و لە هاوکاریمان درێغی ناکە ن و پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی خۆمان لە ناوخۆ دەکەن و بەمجۆرە کۆمەڵە کۆمپانیایەکی خۆمان لە پێشانگا بەشدار دەبن.

⋆ ئایا کۆمپانیاکانی ناوخۆ گەیشتوونەتە ئەو ئاستە کە لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکان لە دەرەوەی وڵات بەشدار بکەن؟

_ بەراستی ئینسان تەسەور ناکات کە کۆمپانیاکانی خۆمان لەو ئاستە بەرزەدا دەربکەون، ناڵێم هەموویان، بەڵام هەندێکیان لە ئاستێکی بەرزدان و توانای ئەوەیان هەیە لە پێشانگاکانی دەرەوە بەشداری بکەن و بەرهەمی خۆیان پیشان بدەن.

⋆ مەرجەکانی بەشداربوونی کۆمپانیاکان لە پێشانگە چییە؟

_ چ مەرجێکی تایبەت نییە، هەر کۆمپانیایەکی خۆماڵی و بیانی دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دەزگای پێشانگا بکات و بەشدار بێت، تەنیا هەندێك رسوومی ئیشتراك هەیە کە ئیتفاقی لەسەر دەکەن.

⋆ چ پێوەر و پێوانەیەکتان نییە بۆ ئەوەی بەرهەمەکان ئیستاندارد و چۆنییەتی کاڵاکان لە ئاستێکی بەرزدابێت؟

_ جارێ ئەوەمان نەکردووە، هەر کۆمپانیایەك کە بەشداری دەکات کارابوونی بەرهەمەکانی لە قازانجی خۆیەتی و کڕیاریش سوودی لێوەردەگرێت، هەر کۆمپانیایەکیش تەرویجی کاڵای خۆی دەکات، بۆیە پێموایە بە باشترین جۆرەکانی بەرهەمەوە لە پێشانگا بەشداری دەکەن.

★ لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی لە هوتێل شیراتۆن ئاماژەتان بەوە دا، ئەم پێشانگایە بە هەماهەنگی لەتەك کۆمپانیایەکی سووری کراوە، ئایا لە بەڕێوەبەرایەتی پێشانگاکەشدا ئەو کۆمپانیایە بەشدارکراوە؟

_بەڵێ لەگەڵ کۆمپانیایەکی سووری بەناوی " رابته الاعمال" هەماهەنگی کراوە بۆ هەستان بە کردنەوەی پێشانگاکە، کە وەفدێکی باڵای سووری جگە لەکۆمپانیاکانیان بەشدار دەبن لە پێشانگا و سەردانی کوردستان دەکەن، لە بەڕێوەبەرایەتی و چاودێری پێشانگاش بەشدار دەکرێن جگە لەوەش ڕەنگە چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

★ژمارەیەك لە کۆمپانیاکان لە رابردوودا لە گرانی نرخی کرێی ژوورەکانیان گلەمەند بوون ئایا ئێوە چ ئاسانکارییەك لەوبارەیەوە دەکەن؟

_ ڕەنگە لە پێشانگای یەکەم خەڵکێك گلەیی هەبوو لە نرخی غورفەکان، کە تۆزێك گران بوو، بەڵام پێشانگای ئەمساڵ نرخەکە نزیکەی (50٪) داشکاوە و ئێمە بەردەوام هەوڵ دەدەین هاوکارییان بکەین و ئاسکانکارییان بۆ بکرێت، چونکە مەبەست لە دانانی ئەو پێشانگایانە ئەوە نییە کە ئێمە لە کرێی شوێنەکان قازانج بکەین، ئێمە مەبەستی گەورەترمان لەپێشە کە بتوانین خەڵکی دەرەوە رابکێشین و بێن ئابووری ئێمە و بارودۆخی کوردستان ببینن و سەرمایەگوزاری تێدا بکەن و ئامانجی سەرەکیمان "ئیستسمارات" و وەبەرهێنانە.

★ ئایا کۆمپانیاکانی سلێمانی بۆ ئەم پێشانگەیە بانگهێشت کراون؟

_ ئێمە هەموو جارێك پەیوەندی بە ژوورە بازرگانییەکانی سلێمانی دەکەین، پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی سلێمانی و بزنس مان و بازرگانەکانیان دەکەین، چ سلێمانی و چ دهۆك و چ هەولێر بەبێ جیاوازی بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین. ئەم پێشانگایە بۆ هەموو کوردستانە و لە چوارچێوەی شارێکدا تەسك ناکرێتەوە.

★ وەك پسپۆرێکی شارەزا لە بواری ئابووری، چ پرۆژەیەکتان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووتەمەنی و کارەبا و گرانی بازاڕ هەیە کە هاووڵاتیان لێی نیگەرانن؟

_ بازاڕی کوردستان بازاڕێکی ئازادە لە بازاڕی ئازادیش نرخەکان لەسەر "عەرز" و "تەڵەب" یان خستنەڕوو و خواست و داواکاری خەڵکە، ئەمەش قاعیدەیەکی ئیقتسادییە، بەڵام بە مانای ئەوە نییە کە خەڵکانێکی فرۆشیار بە پێی قەناعەتی خۆیان نرخەکان بەرزبکەنەوە و هیچ چاودێری و لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر نەبیت. حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانی و دارایی و ئابووری هەندێك پلانیان لە پێشە کە لە ماوەی ئەمساڵدا ڕەنگە هەندێك هەنگاوی باش بهاوێژن کە لانیکەم نرخەکان راوەستێنن و ئەوەی کە رۆژانە دەیبینن نرخەکان لە بەرزبوونەوەدایە، پێشی پێبگرن ئەگەر بەراوردی دینار و دۆلاریش بکەین، ئێستا بەهای دینار بەرامبەر بە دۆلار لە بازاڕ باشتر بووە، زۆربەی کاڵاکانیش لە دەرەوە دێن و بە دۆلارن، کەچی لە بازاڕ نرخەکان رۆژانە دەچێتە سەرەوە. حکومەت لەوەش بێئاگا نییە کە هەر خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت تەحەمولی وەزعەکە دەکات، بۆیە بەرنامە وپلانی نوێ هەیە و کاری بۆ دەکات.

★ ناتەبایی مووچە و داهاتی هاووڵاتی لەگەڵ نرخەکانی بازاڕ کێشەیەکی سەرەکییە و بە زیادکردنی مووچەش ئەو هاوکێشە ئاڵۆزە چارەسەر ناکرێ، ئێوە راتان چییە ئایا مووچە زیادبکرێ یان نرخەکانی بازاڕ کۆنترۆڵ بکرێ؟

_ بڕیارێك دەرچووە کە مووچە بەرزبکەنەوە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەوە کێشەکە چارەسەر ناکات، بە پێچەوانەوە دەبێ لە شتی دیکەوە دەستی پێبکەین، وەك ئەوی کە چۆن تەسبیتی نرخی کاڵاکان لە بازاڕ بکەین، چۆن یاسایەکی گونجاو دابنێین بۆ سیستەمی ئیجارات، هەندێك شتی دیکە هەیە کە دەبێ گرنگی پێبدرێ، نەك بەرزکردنی مووچە، چونکە چەند مووچە بەرزدەبێتەوە و کەس ئیستفادەی لێناکات، بەداخەوە بازرگانی ئێمەش ئیستغلالی وەزعەکە دەکەن و کەسیش لێپرسینەوەیان

لەگەڵ ناکات. کەس ناڵێ بازرگانەکان سوود نەکەن، بەڵام لانیکەم دەبێت نرخی کەلوپەلی ئەساسی و پێداویستی بنەڕەتی خەڵك چاودێری لەسەر بێت، بۆ نمونە دەکرێ لێژنەیەك چاودێری نرخەکانی کڕینی کەلوپەلەکان لە دەرەوە بکات، نرخی گواستنەوەیان و سوودی کۆمپانیا و بازرگان لەبەرچاو بگرێت و نرخێکی چەسپاوی بۆ دیاری بکات کە فشار نەخاتە سەر خەڵك، ئەمە دەکرێ بۆ مەرحەلەی یەکەم کاریگەری هەبێ لەسەر راگرتنی نرخەکان.

* سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە سەربەخۆیی ئابووری بەبێ سەربەخۆیی سیاسی ناتوانێ بەردەوام بێت، تا چەند لەسەربەخۆیی ئابووری خۆمان نزیك کردۆتەوە؟

_ ئەوە زۆر راستە ناتوانین لێکی جیابکەینەوە، سیاسەت و ئابووری دوو رووی یەك دراون، لە دنیادا سیاسەت ئابووری بەڕێوەدەبات، لەلایەکی دیکەوە بە ئابوورییەکی بەهێز دەکرێ سیاسەتی بەهێز بەڕێوەبچێ، بۆ نموونە سۆڤییەت لەرووی سیاسەتێکی بێهێز نەڕووخا، وڵاتانی ئیشتراکی سیاسەتی بەهێزیان بوو، یەکێتی سۆڤیەت قوتبی دووەمی سیاسەتی جیهانی بوو، بەڵام کە باری ئابووری تێکچوو، ئۆتۆماتیکییەن لە باری سیاسییەوەش لاوازبوو، بۆیە پێویستە لە رووی ئابوورییەوە بە هەموو بارێك خۆمان رێکبخەین. ئەگەر ئابوورییەکی بەهێزمان هەبێت، خاوەن کۆمپانیا و بازرگانانی جیهانی خۆیان هەوڵی پەیوەندی و سەرمایەگوزاری لە کوردستان دەدەن. ئێستە ئێمە بودجەیەکی ساڵانەمان هەیە کە لە عێراق وەریدەگرین، ئەگەر چی لە ئاستی داخوازی خەڵکی ئێمە نییە، چونکە مافیان لەوە زیاترە، بەڵام خودی ئەوەش کارێکی وایکردووە دەیان وەفدی بازرگانی سەردانی کوردستان بکەن و خەریکن کارمان لەگەڵ دەکەن کە ئەمەش لە مەساڵحی خەڵکی ئێمەیە.

-"عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدولڕەحیم" لە ساڵی (1948) لە گوندی بامەڕنی سەر بە پارێزگەی دهۆك لە دایك بووە.

-دەرچووی کۆلیژی ئابووری بەغدایە

- ساڵی (2004) وەك بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ماوەی (2) ساڵ لەم پۆستەدا ماوەتەوە و دواتر خانەنشین کراوە

-ئێستاش وەك راوێژکاری ئابووری ئەنجوومەنی وەزیران کاردەکات

- سەرپەرشتیاری پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێرە